

# عاشقانه

میدیا کاشیگر
و: محەمەد کەریم

عەباس دەیوت: (هەموو شتێ لەسینەماوە دەستی پێکرد)فیلمی: (پاسەوانی شەو)ی (لیلیانا کاڤانی) ئیشی دەکرد، من لەڕیزەکەدا بووم و خەریکبوو دەگەیشتمە پەنجەرەی بلیت فرۆشتنەکە کەیەکسەر چاوم بەنەسرین کەوت، بەتەنیا لەگۆشەیەکدا وەستابوو، نیگای نائومێدانە لەناو ڕیزەکەدا بۆ ئاشنایەک دەگەڕا، ناوەناوە تەماشای سەعاتەکەی و درێژیی ڕیزەکەی دەکردو نائومێدتر دەبوو، کاتێک سەرەم هات، دوو بلیتم کڕی و هاتمە بەردەمی، بەزەردەخەنەوە پێموت: سڵاو خانم، ئەگەر بلیتت دەوێت من دانەیەکی زیادەم پێیە بۆتۆ، ئەویش بەزەردەخەنەوە وتی: بەڕێکەوت کاتێ تۆم لەناو ڕیزەکەدا بینی، ویستم بێمە پێشەوەو خۆمت پێبناسێنمەوە، بەڵام هەرچەند تەماشامکردی بەڵکو تۆ خۆتم پێبناسێنیتەوە، بێسوود بوو، ئەوسا لەڕووم نەهات لەبەردەمی ئەم هەموو خەڵکەدا، یەکەمجار من سەری قسە دامەزرێنم، بەسەرسوڕمانەوە وتم: بۆ یەکتری دەناسین؟- بەڵێ، من نەسرینم.- نەسرین؟ کام نەسرین؟- نەسرینی یوسفی. — خانم بێگومان بەهەڵەدا چوویت، من تۆ ناناسم. — بۆچی تۆ عەباس نیت؟ عەباسی بادامی؟- با. بەڵام... — شەوی لەدایکبوونی ژیلا، لەماڵی ژیلاو فەرشید یەکتریمان ناسی. — خراپتر، چونکە من ئەو دوو کەسە هەرناناسم و پێموانییە هەرگیز چووبێتمە ماڵیان، بەڵام ڕێک کە دەگەیشتە ئێرە، نەسرین قسەکانی پێدەبڕی: (خەریکە بەهەڵەدا دەچیت،

ئەویش هەڵە لەناو هەڵەو هەڵەیتردا، یەکەم (پاسەوانی شەو)ی (لیلیانا کاڤانی) نەبوو، بەڵکو (پێرسۆنا)ی (ئینگمار بێرگمان) بوو، دووەم من لەڕیزەکەدا بووم و خەریک بوو دەگەیشتمە پەنجەرەی بلیت فرۆشتنەکە، کەیەکسەر چاوم بەتۆ کەوت: بەتەنیا لەگۆشەیەکدا وەستابووی نیگات نائومێدانە لەناو ڕیزەکەدا بۆ ناسیاوێک دەگەڕا، ناوە ناوە تەماشای سەعاتەکەت و درێژیی ڕیزەکەت دەکردو نائومێدتر دەبوویت، کاتێ سەرەم هات، دوو بلیتم کڕی و هاتمە بەردەمت، بەزەردەخەنەوە پێموتی: سڵاو کاکە، ئەگەر بلیتت دەوێت، من دانەیەکی زیادەم پێیە، بۆتۆ، تۆش بەزەردەخەنەوە پێت وتم: بەڕێکەوت کاتێ تۆم لەناو ڕیزەکەدا بینی، ویستم بێمە پێشەوەو خۆمت پێبناسێنمەوە، بەڵام هەرچەندە تەماشامکردی بەڵکو تۆ خۆتم پێبناسێنیتەوە بێسوود بوو، ئەوسا لەڕووم نەهات لەبەردەمی ئەم هەموو خەڵکەدا، یەکەمجار من سەری قسە دامەزرێنم. بە سەرسوڕمانەوە وتم: بۆ یەکتری دەناسین؟ - بەڵێ من عەباسم، عەباس؟ کام عەباس؟ - عەباسی بادامی. کاکە، بێگومان بەهەڵەدا چوویت. من تۆ ناناسم. — بۆچی تۆ نەسرین نیت؟ نەسرینی یوسفی؟ - با. بەڵام...- شەوی لەدایکبوونی ژیلا، لە ماڵی ژیلاو فەرشید یەکتریمان ناسی. —خراپتر، چونکە من ئەو دوو کەسە هەرناناسم و پێموانییە هەرگیز چووبێتمە ماڵیان. من یەکجار زیاتر تەنگم پێهەڵنەدەچنین چونکە جارێکیان کەتەنگم پێهەڵچنین، عەباس وتی: (نەخێر، نەسرین، مەسەلەکە ڕێک بەپێچەوانەوە بوو. باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کەمن ئێستاش کەئێستایە، ئەو فەرشیدو ژیلایە ناناسم. کەواتە نابێ ئەو شەوە من ناوم هێنابن). نەسرینیش وەڵامی دابۆوە: (ئەمەش بوو بە بەڵگە؟ منیش ئێستاش کەئێستایە نایانناسم، کەواتە نابێ ئەو شەوە منیش ناوم هێنابن). بەهەمان شێوە درێژەیان دایەو زیاتر گێژیان کردم، تادواجار بەو وێناکردنەوە کەڕێگایەکم دۆزیوەتەوە، وتم: (بێگومان ئەم ژیلاو فەرشیدە نازناوێکی خێزانیی، یان شتێکی لەو بابەتەیان هەیە. — دیارە کەهەیانە، کاتێ لەسینەما هاتینە دەرێ، چووینە چێشتخانەیەک پێکەوە نانی ئێوارە بخۆین- ئیدی لەسەر پێشنیازی کاممان بوو نایەتەوە یادم- من کەهەستم دەکرد خەریکە لەژیانمدا ڕووداوێکی گرنگ ڕوو دەدات و لەگەڵ ئەوەشدا، قسەیەکم بەعەقڵدا نەدەهات کەبیکەم، بۆئەوەی شتێکم وتبێ لەنەسرینم پرسی: کام ژیلا و فەرشید دەڵێیت؟ نەسرین نازناوی خێزانییانی پێوتم، هەم هی ژیلا و هەم هی فەرشید، بەڵام نازناوەکانم لەبیرنەماوە- دیسان خەریکە هەڵە دەکەی، ڕاستە کاتێ لەسینەما هاتینە دەرێ، چووینە چێشتخانەیەک پێکەوە نانی ئێوارە بخۆین- لەسەر پێشنیازی کاممان بوو، منیش نایەتەوە یادم- منیش کەهەستم دەکرد خەریکە لەژیانمدا ڕووداوێکی گرنگ ڕوودەدات لەگەڵ ئەوەشدا، قسەیەکم بەعەقڵدا نەدەهات کەبیکەم، بۆئەوەی شتێکم وتبێ لێم پرسیت: کام ژیلا و فەرشید دەڵێیت؟ تۆ نازناوی خێزانییانت پێوتم، هەم هی ژیلا و هەم هی فەرشید، تۆش ئەم نازناوانەت لەیاد نەماوە؟) من ئەمەم پرسی، درەنگتر ئەوەم بەخەیاڵدا هات پرسیار لەهاوڕێیانیان بکەم، بەڵام ئەوانیش هەموویان یان وەکو من بوون، واتە لەو کاتەوە نەسرین و عەباسیان دەناسی کە ئەم دووانە پێکەوە بوون، یان ژن و مێردێکیان بەناوی ژیلاو فەرشیدەوە نەدەناسی، لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو جاران تێکەڵاویم دەکردن- چونکە لەناو هەمووماندا، یەکێک بوون لەخۆشەویستترین ژن و مێردەکان و هەم ئەوەی کەهەمیشە لەگەڵیاندا کات بەخۆشی دەگوزەرا، تائەوەی کەشەوێک لەماڵیان بووم، باسی (فاوست) کرا، منیش باسی ئەو (یەکێتیی بوون)ەم دەکرد کە لەگێڕانەوەکەی (ڤۆلڤگۆنگ گۆتە)دا سەبارەت بەچیرۆک هەیە، بەڵام نەلەکاری مارلۆدا بەرچاو دەکەوێت و نەلەکاری سەراپای گێڕەرەوەکانی چیرۆکی مامەڵەی زانایان و شەیتاندا هەیە، دەمەویست بەم قسانەم بگەمە ئەو ئەنجامەی تازەیی چیرۆکێک ئەوەندەی تازەیی شێوازی گێڕانەوەکەی گرنگ نییە کەعەباس وتی (ئێستا ئەم باسە هەڵگرە بۆ دوایی لەبەرئەوەی بەلامەوە مەسەلەی مارلۆ سەرنجڕاکێشترە، ئەم پیاوە دەبێت بۆخۆی دێوێک بووبێت، وەک ئەوەی من خوێندوومەتەوە، چیرۆکی زۆربەی شانۆگەرییەکانی شکسپیریش لەبنەڕەتدا هی مارلۆ بووە)، نەسرین وتی: (ڕێکوایە، شکسپیر

بەجۆرێک لەجۆرەکان بەردەوامیی مارلۆیە. بۆرخیسیش ئەمەی وتووە: ئەگەر شکسپیر نەبووایە مارلۆ چی بۆ دەمایەوە؟ بێگومان مانایەکی ئەم ڕستەیە ئەوەیە کەئەگەر شکسپیرێک پەیدا نەبووایە کەدرێژە بەکارەکەی مارلۆ بدات، مارلۆ چی بۆ دەمایەوە، بەڵام ماناکەی تریشی ئەوەیە کەئەگەر شکسپیر توانی ببێت بەشکسپیر، هۆیەکیشی ئەوەیە جگە لە توانای خۆی، بوونی کەسێکی وەکو مارلۆیە لەپێشییەوە.) سەبارەت بەدرێژەپێدانی قسەوباسەکانی ئەو شەوە شتێکی زیاترم لەیاد نەماوە، لەبەرئەوەی قسەکەی نەسرین یان ڕاستتر بڵێم قسەکەی بۆرخیس، کەنەسرین دەیگێڕایەوەو من لەدەستپێکی ئەم چیرۆکەمدا نووسیومە- وزەو توانایەکیتری دەدامێ بۆ هەڵهێنانی مەتەڵی ژیلاو فەرشید: ژیلاو فەرشید پێشینەی نەسرین و عەباسن و من ئەگەر بمەوێ ئەم دوانە بناسم، ئەوەندەی کەدواجار لەجێگایەکدا بەژیلاو فەرشید بگەم، ڕێگاکەم ڕوون دەبێتەوە: دەبێت سۆراخی کۆنترین هاوڕێی هەم نەسرین و هەم عەباس بکەم و داوایان لێبکەم کەسێک یان کەسانێکم پێبناسێنن کەبوونەتە هۆی ئاشنایەتیی و یەکترناسینیان، ڕەنگە بەم شێوەیە لەڕێگای ئەو کەسانەوە کەبوونەتە هۆی ئاشنابوونیان ئەم ژن و مێردە بناسم، گەڕان و سۆراخکردنەکەمساڵەها درێژەی کێشا، بێئەوەی هەرگیز بتوانم لەبازنەیەکی داخراو یان ڕاستتر بڵێم لەبازنە داخراوە بەیەکداچووەکانی ئەو ئاشنا هەمیشەییانە بچمە دەرەوە، بۆئەوەی ناوی ڕاستەقینە نەبەم- لەبەرئەوەی هەموو کەسەکان هەم ڕاستەقینەن، هەم هێشتا لەژیاندان و ڕەنگە پێیان خۆش نەبێت بەم شێوەیە ناویان لەچیرۆکێکی خەیاڵیدا بێت-، ئەگەر وایدابنێین A بەهۆی ئاشنایەتییەوە ناوی B دەبات و B ناوی C دەهێنێت C یش ناوی D دەبات و بەم شێوەیە هەتا کۆتایی، بازنەکە هەمیشە لەجێگایەکدا بەدووبارە بوونەوەی ناوی (D.C.B.A) یان یەکێک لەناوەکانی دیکەی مابەینی پێشووەوە لەخۆیدا دادەخرا، چەند جارێکیش بازنەکە بەناوی خۆم داخرا، لەکاتێکدا بۆ دووبارە گەیشتنەوە بەناوی خۆم، بەلای کەمەوە وازم لەناوی چەند کەسێک هێنابوو، کەدەمزانی ساڵەها بەرلەمن نەسرین و عەباسیان ناسیوە، نەک ئەوەی نەگەیشتمە هیچ ناوێکی تازە، بەپێچەوانەوە، زیاتر لەچل ناوی تازەم هاتەڕێ، بەڵام هەموو ئەمانەش بەجۆرێک بۆ هەمان بازنە یان بۆ-بازنە بەیەکداچووە- داخراوەکان دەگەڕایەوە، لەسەراپای لەم ماوەیەدا بەوردی گوێم لەقسەکانی نەسرین و عەباس گرت و بچووکترین سەرەداوم بەدەستەوەگرت کەپەیوەندی بەژیانی پێشوویانەوە هەبوو، واتە پێش فیلمی (پاسەوانی شەو) یان (پێرسۆنا)، بەڵام سۆراخکردنەکانم بەم ئاراستەیەشدا هەر بێئەنجام بوو، توانیم خەڵکێکی زۆری ئەو گەڕەکانە بدۆزمەوە کەپێشان هەم لەگەڵ نەسرین و هەم لەگەڵ عەباس ژیابوون و هاوڕێی مناڵییان بوون، کەهەزاران بەسەرهاتیان بۆگێڕامەوەو کاتێ بۆ خۆیانم گێڕایەوە، هەندێکیانیان لەبیربوو، باقیەکەشیان بەشادییەکی مناڵانەوە هاتەوە یاد، بەڵام نەهیچ سەرەداوێکم سەبارەت بەژیلاو فەرشید دەسکەوت و نەهیچ ئاماژەیەک کەنەمانی ئامادەگیی ڕاستەقینەیان ئاراستە بکات، هەڵبەتە لەم بازنەی ئاشناو ڕۆشنایانەی ڕابردوودا چەندین ژیلاو فەرشیدم دۆزییەوە، بەڵام هیچیان ئەو ژیلاو فەرشیدە نەبوون کەمن بەدوایاندا دەگەڕام، ئەوەی سەرەنجام بووبەهۆی ئەوەی دەست لەگەڕانی زیاتر هەڵگرم، بەسەرهاتێک بوو کەخودی نەسرین و عەباس چەندانجار بەگاڵتەوە بۆیان باسکردبووم، بێئەوەی بەڕاستی باوەڕی پێبکەم تائەوەی ڕۆژێک هەموو شتێکم بەچاوی خۆم بینی: سەد مەترێک لەپێش منەوە بوون تا ویستم خێراتر هەنگاو هەڵگرم بۆئەوەی پێیان بگەمەوە، لەناکاو وەستان، کۆمەڵێ گەنج، پەنجا مەترێک لەخوارترەوە، لەلای شۆستەکەوە وەستابوون و توانجیان لەو ژن و کچانە دەدا، کەبەلایاندا تێدەپەڕین، نەسرین بەهێواشی کەوتەڕێ، عەباس دانی بەخۆیدا گرت بۆئەوەی بیست مەترێک بکەوێتە پێشییەوەو ئەوسا دوایکەوت و وەها هەنگاوەکانی ڕێکخستبوو کەڕێک پێکەوە بگەنە لای گەنجەکان، ئەوسا عەباس شتێکی وت کە لەبەر دووریی نەمدەتوانی بیبیستم، بەڵام پێویستم بەبیستنیشی نەبوو، چونکە وەکو وتم چەندینجار چیرۆکی ئەم گاڵتەیەیان بۆ گێڕابوومەوە: (وەی لەمن! چۆن خانمێک بەم شۆخ و شەنگییەوە

بەتەنیایە)، وەڵامی نەسرین: (ڕەنگە لەبەرئەوەبێ کەهێشتا پیاوێکی هێندەی تۆ قۆز نەیویستووە لەتەنیایی دەریبێنێ!)، زەردەخەنەیان بۆ یەکتری کرد، عەباس وتی: (من فەرشیدم.) نەسرینیش وتی: (منیش ژیلام)، عەباس دەستی کردە ملی نەسرین، نەسرینیش دەستی لەکەمەری عەباس ئاڵاند، عاشقانە پێکەوە درێژەیان بەپیاسەدا، بێگومان پێش ئەوەی زۆر دوور بکەونەوەو ئیتر دەنگیان نەیەتە گوێ، یەکێک ئاسایی خودی عەباس، بەڵام جاربەجارێکیش نەسرین، بەپێی ڕادەی سەرسوڕمانی گەنجەکان وتی: (ماڵەکەی من چۆڵە...)، ئەویتریان یەکسەر وەڵامیدایەوە: (ئای کەباشە! باخێرا بچین بۆ ئەوێ!) کەگەیشتمە لای گەنجەکان هێشتا واقیان وڕمابوو: (بینیت؟ ها، گیانەکەم، تۆش بینیت چەند بەخێرایی ڕێککەوتن! نەبابە، ژنەکە خراپ بوو من باوەڕناکەم...)، بەزەردە خەنەوە بەلایاندا تێپەڕیم، بەو یەقینەوە کەوەڵامی مەتەڵەکەمم دەستکەوت و ئەم چیرۆکەی ژیلاو فەرشیدیش بێگومان شتێکە وەکو هەمان مەسەلەی خۆنیشاندان بەنەناس و نازناو دانان بۆ خۆت، چونکە ئەم گاڵتەیەی سەرجادەش بەوەوە بەستراوە کەحیکایەتخوان نەسرین بوو یان عەباس، جاریوابوو عەباس پێش دەکەوت و نەسرین سەری قسەی لەگەڵدا دادەمەزراند.

پاش نووسینی چیرۆکەکە: ساڵانێ پێش ئێستا ئەم چیرۆکەم نووسیبوو، بێئەوەی بڵاوی بکەمەوە چونکە بەڕای من کۆتاییەکەی ئێجگار بێتام دەهاتە بەرچاو تائەوەی چوارمانگ بەر لەئێستا نەسرین لەپێکادانێکی ئۆتۆمبێلدا مرد، ماوەی کەمتر لەهەفتەیەکیش دوای ئەوە، عەباسیش لەهەل ومەرجێکی گوماناوییدا تیاچوو، کەهێشتا ئاشکرا نەبووە کوژراوە یان خۆی کوشتووە. ئەوسا چیرۆکەکەمم هاتەوەیاد، دۆزیمەوەو سەرلەنوێ خوێندمەوە، لەکاتی خوێندنەوەیدا، ڕستەکەی بۆرخیس سەبارەت بەپەیوەندی نێوان مارلۆو شکسپیر سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەش سەرنجی ڕاکێشام کەئەو بازنە داخراوە بەیەکداچووانەی کە لەگەڕان بەدوای ڕابردووی نەسرین و عەباسدا تیایاندا گیرم دەخوارد، جۆرێک بوون لەبازنەی بۆرخیسی، هەستم بەوەکرد بۆیە کۆتایی چیرۆکەکە بێتام دێتە بەرچاو، چونکە کۆتاییەکی دەسکردە، ڕەنگە هۆکەشی تەنیا بێئاگایی خۆم بووبێ سەبارەت بەچنینی چیرۆک و نەنووسینی ڕستەکان بەو شێوەیەی کەدەبوو بنووسرێن، بۆنموونە، ئەوەندە بەس بوو لەجیاتی ڕستەی خەبەریی (ژیلاو فەرشید پێشینەی نەسرین و عەباسن)، ڕستەیەکی پرسیاریم بنووسیایە، ئەوسا چیرۆکەکە بەشێوەیەکیتر کۆتاییدەهات، ئەوەی مایەی سەرنجە ڕستەکە بەشێوەی پرسیار دەکرا بەشێوەی هەمان ڕستە بێت کەنەسرین هەمان شەو لەبارەی بۆرخیسەوە وتی، واتە بەم شێوەیە بووایە (ئەگەر نەسرین و عەباس نەبوونایە، چی لەژیلاو فەرشید دەمایەوە؟) ئەوسا ڕەنگە ناچار بوومایە درێژەی چیرۆکەکە بەڕێڕەوێکی دیکەدا ببەم و ڕەنگە بگەیشتمایەتە کۆتاییەکی ڕاست و دروستتر، بێئەوەی لەم بارەیەوە ناچار بوومایە شتێک بگۆڕم و واقیعێکی دەسکرد دروستبکەم. تاکە شتێک کەدەمتوانی وەک ئەگەرێکی دووری سەرکەوتن، سەبارەت بەڕابردووی نەسرین و عەباس بەدەستی بێنم، چەند ساتەوەختێکی تێپەڕینی ژیلاو فەرشید بوو، لەکاتێکدا دەبوو من پەیم بەڕازی نەمریی ئەم جووتە ببردایەو بۆ ئەم کارە، دەبوو بایەخم بەئێستاو ئایندەی نەسرین و عەباس بدایە هیچ نەبێ بەلای منەوە دووانیان، واتە ژیلاو فەرشید نەمرن، دەنا نەئەوەندە بەدوایاندا دەگەڕام و نە لەبنەڕەتدا ئەم چیرۆکەی ئێستام دەنووسی. لەم ڕووەوە دەکرا کۆتاییەکەی دیکەی چیرۆکەکەم کۆتاییەکی بۆرخیسی بێت ئەمما بۆچی شتێک لەچیرۆکەکەمدا هەبووە کەبۆرخیسی نەبێت؟ کەڕەنگە لەڕاستییەوە نزیکتر بووایە: ژیلاو فەرشیدی ژن ومێرد، عەشقێکی وەها شادو کۆمیدییان هەیە کەبڕیار دەدەن پاش مردنیشیان درێژە بەگاڵتەو گەپی سەرجادەی خۆیان بدەن و ئەمجارە هەر بەڕاستی لەناکاو دووکەسی غەوارە بەیەک بگەیەنن: ڕۆحی ژیلا دەچێتە بەدەنی نەسرینەوەو هی فەرشیدیش دەچێتە لەشی عەباسەوە، کاتێ نەسرین دوای عەباس دەکەوێت یان بەپێچەوانەوە، وەڵامێکی دیکە نەک تەنیا یەکسەر پۆزەتیڤە تەنانەت شەیتانێتی دووئەوەندەی ژیلاو فەرشید دەبێتە هۆی ئەوەی هەستێکیشیان سەبارەت بەئاشنایەتی کۆن لەماڵی ژیلاو فەرشید هەبێت، لەمڕووەوە، مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە

کەیەکەم بەســـەرهاتی ئاشنایەتییەکە نەسرین باسی بکات یان عەباس، ئەوەی کەئاماژە بۆ ژیلاو فەرشید دەکات، هەمیشــە ئەویترە، واتە ئەوەی کەبەئاشکرا مەفعولی بەسەرهاتەکە تەنیا چاوەڕوان دەکات عەشق بێتە ســەرینی، وتم کەنەســرین و عەباس عادەتیان وابوو لەگاڵتەی ســەرجادەیاندا ڕۆڵی خۆیان بگۆڕن، بوونی ڕەگەزی ژیلاو فەرشیدیش وەکو تەنیا ڕەگەزی هاوبەش لەهەردوو بەســەرهاتەکەدا ڕەنگە گوزارشت لەنیگەرانی ئەم دووانە بکات بۆ جۆرێک لە (مانەوە)، هەروەکو جیاوازی گێڕانەوەکانیش گوزارشت لەجۆرێک (گلەیــی گاڵتــەی عاشــقانە) دەکات: گێڕەرەوەی چیرۆکەکــە دەڵێت لەپێشــەوەی ڕیزەکە بووە، واتە لەکاتــی خۆیدا گەیشــتۆتە جێژوانەکــە، لەکاتێکدا کەئەویتریان لــەدرەوەی ڕیزەکەبووەو تیاماوە، واتە درەنگ گەیشــتۆتەجێ و نەیزانیووە چیبکات، ئەوەی مایەی سەرنجیشــە ئەوەیــە کەئاشــنابوونەوەیان ئاشــناییان لەکۆنەوە لەهەردووکیانــدا گێڕانەوەکە، لەلایەن ئەوەیانەوەیە کەدرەنگ گەیشتووەو ئەویتریان بلیتی بۆ کڕیووە، خاڵێکی دیکەش هەیە کەسەبارەت بەم کۆتاییە زیاتر قەناعەتم پێدەکات، ئەگەر لەبیرتان نەچووبێ، من لەو شەوەدا لەباسی (یەکێتیی بوون)ی گۆتەدا بەو ئەنجامە گەیشتبووم کەتازەیی گێڕانەوە، تەنانەت تازەیی بەکۆنترین چیرۆکیش دەبەخشــێت، چیرۆکی نەســرین و عەباسیش بەجۆرێک پەیوەستە بەهەردوو باســەکەوە کە لەناکاو عەباس، باسەکەی بەرەو ئاراســتەیەکی دیکە برد، بۆچــی؟ ئایا لەبەر نیگەرانیی ژیلا- نەســرین و فەرشــید- عەباس- بوو سەبارەت بەئاشکرابوونی مەســەلەکە؟ بەڵام ئەگەر وابــێ بۆچی قســەکەی مارلــۆی هێنایــەوە کەبوو بەبەهانەیەک بۆئەوەی نەسرین ئەو ڕستەیە بهێنێتەوە کە لەبنەڕەتدا دەبوو زۆر ملهوڕانەتر من بگەڕێنێتەوە بۆ ســەر ڕێڕەوی سەرەکی؟ بەتایبەتی ئەوەی کەئەم ڕستەیەی بۆرخیس لەو کاتەدا هێشتا وەرنەگێڕدرابوو بۆ فارسی و نەسرین کەزمانی بیانی نەدەزانی، نەدەکرا ئەو ڕستەیەی خوێندبێتەوەو ڕەنگە ژیلا ئەو ڕستەیەی وتبێت. بەڵام من لەبەرئەوەی شێوەیەکی ڕاشکاوانەم بەڕستەکەی دابوو، هێشتا نەمدەتوانی ئاگاداری ئەو خاڵانەبم و ئــاگاداری ئەوەش بم کــە ئەگەر بڕیارم وابووایە چیرۆکی ژیلاو فەرشــید، لەقاڵبی نەســرین وعەباسێکدا نەنووســم، بەڵکو لەوچیرۆکەی دیکەدا کەدەمەویست بینووسم، بمێنێتەوەو نەمرێت، ئەگەر وابووایە، هۆی دەستی پێکردنی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە، بەبێ پاش نووســین، بەکردەوە ئاشکرا دەبێت: لەبەرنارازیبوونی ژیلاو فەرشید بووە.

پاش نووســینی دووەم: پاش ئــەوەی بڕیاری بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکەمدا بەپاش نووسینەکەیەوە، بــۆ خوێندنــەوەو دەربڕینــی بیــروڕای نــاردم بۆ هاوڕێیەکم کەپســپۆڕە لەدروســتبوونی ڕۆح و ژیانی کەســێک لەقاڵبی کەســێکی دیکەدا لەپاش مردنی، گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەبێ پاش نووســینەکە زیاتر بەلایەوە پەســەندبوو، بۆی نووسیبووم (لەچیرۆکی ژیلاو فەرشــیدا هیچ ڕەگەزێکــی میتافیزیکی نییەو بۆئەوەی گریمانەکانت ڕاســت بن، دەبێ ڕەگەزێکی دیکەش لەگەڵیاندا بســازێت کەبوونی نییە: شوێنی یەکترناســینی نەســرین و عەبــاس، ســینەمایەکە کەفیلمی (پاسەوانی شــەو) یان (پێرسۆنا) نیشان دەدات، مەگــەر بتەوێ لەڕادەبــەدەر بەها بەتیۆری گاڵتەوگەپەکەت بــدەی، دەنا چیرۆکی هیچ کام لەم دوو فیلمــە، چیرۆکێک نین کەیارمەتی ژوانێکی نوێی ژن و مێردێکــی عاشــق بدەن، بۆچــی دەبێت ژیلاو فەرشــید لەیەکــەم ژوانی نوێیاندا بچــن بۆ بینینی فیلمی لەم بابەتە؟) ترسام لەوەی نەخشەی گریمانە تازەکەشــم تێکبدا، دەنا پێمدەوت چەند هەفتەیەک بەر لەئاشــنابوونی نەسرین و عەباس، ژنێک بەناوی ژیــلا ڕێک لەبــەردەم هەمان ســینەمادا لەئەنجامی پیکادانی ئۆتۆمبێلدا، یەکســەر گیانی لەدەستداوە، بەم پێیە دەشێ تەنیا هەر لەبەردەمی ئەم سینەمایە ژوانی هەبووبێت کە لەو کاتەدا، فیلمێکی دیکە ئیشی کردووە- هەڵبەتــە هەرچەندە لێمکۆڵییەوە نەمتوانی لەژیانی ئەم ژیلایەدا شــوێنەواری هیچ فەرشــیدێک بدۆزمەوە.

سەرچاوە:
www. Valse adabi.com